# هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیا لە بەرامبەر رۆشنبیر و سەرمایەدارانی کورد لە تورکیا

ئیسماعیل بێشکچی/ ئەنقەرە

(تایبەت بۆ گوڵان نووسیوویەتی)



دەوڵەت رێگا نادات رۆشنبیرانی کورد لە تورکیا بژین و چالاکی ئەنجامبدەن، لەم بوارەدا دەوڵەت سیاسەتی بەرەنگاربوونەوە بەڕێوە دەبات. ئەم سیاسەتەی رووبەڕووبوونەوە سیاسەتێکی وەهایە کە رۆشنبیران ناتوانن لەم هەرێمە بژین و چالاکی ئەنجامبدەن، لە کۆتایشدا ئەو شارە یاخود ئەو شوێنەی تێیدا دەژین چۆڵی دەکەن ئەمەش لەبەر ئەوەی کە رۆشنبیران ستوونێکی بنچینەیی زۆر گرنگ لە ژیانی کۆمەڵگا پێکدێنن.

هەرچەندە رۆشنبیران بێنە رەخنەگرتن و هەندێک جار تاوانباریش بکرێن، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی لێوانلێوی گرفتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری بە بێ رۆشنبیر هیچ ناکرێت.

ئەگەر رۆشنبیران لە کۆمەڵگا جیا بکرێنەوە و بەملاو بەولادا بڵاوەیان پێبکرێت، ئەمە مانای ئەوەیە بەشێکی زۆر گرنگی پێکهاتەی کۆمەڵگا ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێت و کۆمەڵگا بێ رێبەر و لە پەراوێزی رووداوەکان بەجێ دەمینێ.

ئەمڕۆ بەشێکی زۆری رۆشنبیرانی کورد لە دەرەوی ناوچەی کوردان دەژین وەکو ئیستانبوڵ، ئەنقەرە، ناوچەی وەکو ئەزمیر، هاوکات بەشێکی زۆریان لە ئەورووپا بڵاو بوونەتەوە.

رۆشنبیرانی کورد و بەشێکی زۆر گرنگیان لە دوای ساڵانی(١٩٦٠)و سەرەتایی ساڵی (١٩٧٠)دا لە مەڵبەندە کولتوورییە شۆڕشگێرییەکانی رۆژهەڵات(DDKO) کاریان دەکرد. لەم کارەیاندا فیداکارییەکی بێ وێنەیان نواند، ئەم خەباتە وێڕای لێپرسینەوە وبەدواداچوون و خستنە ژێر چاودێری و ئەشکەنجە و گرتن و دادگاییکردن، زیندانیشی لەگەڵ بوو، بەڵام نەوەی ئەو رۆشنبیرانە ئێستا لە وڵاتانی رۆژئاوادا دەژین و تەمەنیان گەیشتۆتە(٢٠-٣٠) ساڵان، ئاگاداری خەباتی رابردوو نین و ئەم گەنجانەش پتر لە ژێر کاریگەری کولتووری تورکیدا گەورە دەبن.

پێش ساڵی١٩٧٩لەم بەشەی کوردستان(واتە باکوور) نەورۆز بەشێوەیەکی زۆر نهێنی و بە ترسەوە پیرۆز دەکرا، گەل بۆ پیرۆزکردنی نەوروز لە خانووەکانی دەرەوەی گوند و لە شارەکانیش لەو گەڕەکانەی کە دەستی دەوڵەتی نەدەگەیشتێ، ئەم جەژنەیان پیرۆز دەکرد.

رەنگە ئێستا ناوی هەندێکیان (بروسک، بێریڤان، هێلین، شڤان... هتد) بێت.

بەڵام ئەو منداڵانەی لە شارەکان و وڵاتانی رۆژئاوا لەدایک دەبن وگەورە دەبن، سبەینێ کوردایەتی لەیاد دەکەن، لەبەرئەوەی لە ژێر کاریگەری کولتوورو ترادسیۆنی تورکچێتی گەورە دەبن، هاوکات بەشێکی زۆری ئەو گەنجانە ناتوانن بە زمانی کوردی قسە بکەن، بەڕای من ئەو جۆش وخرۆشی فێربوونی زمانی کوردییە لای ئەو گەنجانە نەماوە. باوکی ئەو گەنجانە لە ریزی تێکۆشاندان، بەلایەنی کەم ئەو جۆش و خرۆشەی خۆیان پاراستووە. بەڵام ئەو گەنجانە لەنێو تێکۆشاندا لە رێزی باوکیاندا نین. بۆیە پێویستە پەیوەندی نێوان باوک و ئەو گەنجانە چۆن تێبگەین؟

مرۆڤ دەتوانێت ئەو تروسکایی و هیوابەخشیەی باوکان بەرامبەر منداڵەکانیان(یاخود گەنجەکان) بە کارێکی سروشتی ببینێت، باوکان دەڵێن ئەو تەنگوچەڵەمە و ناخۆشییەی ئێمە چەشتمان با ئێوە نەیچێژن. بەڵام ئەگەر بپرسین ئێوە لە خاکی خۆتان دوورن، لەرەچەڵەکی خۆتان دابڕاون و لە شارەکانی رۆژئاوادا یاخود لە ئەورووپا دەژین ئایا ئەنجامێکی بەمشێوەیە سروشتی نییە؟ مەبەستم لە دوورکەوتنەوە لە شوناس و کولتووری کوردی و نەناسینی رابردووی باوکان لەلایەن نەوەی ئێستایە.

پێشمەرگەی باشووری کوردستان ئەمڕۆ چەمکی جۆش و خرۆشیان تێکەڵ بە ناخی خۆیان کردووە، بەمشێوەیە سەیری ئەم قۆناخە دەکەن و دەڵێ:

لە ساڵی ١٩٦٠وەوە من پێشمەرگەم ، ئەمڕۆ منداڵەکانی منیش پێشمەرگەن، هەندێک لەو پێشمەرگانە نەوەی خۆیان بۆ بەغدا و ئەوروپا و ئەمەریکا نارد، بەڵام لەو شوێنانە بە گوێرەی ئەو دەرفەتانە پەروەردەیەکی باشیان بینیوە، ئێستاش لەبەرێوەبەرایەتی حکومەتی هەرێم ئەو کەسانە کە لە دەرەوە گەورە بوونە و پەروەدە کراون پلە وپایەیەکی باشیان وەرگرتووە.

من وەکو رای خۆم رەوشی ئەو پێشمەرگانە زۆر بەرێزەوە دەنرخێنم، لەبەر ئەمەش ئەوانەی باسمکرد لەو پارچەیەدا (واتە باشووری کوردستان) ئەقڵمەند و زمانحاڵ وکاربەدەستن.

سیمایەکی دیکەی ئەو سیاسەتەی لەو هەرێمەدا لە بەرامبەر کوردان بەرێوە دەبرێت، ئەوەیە دەوڵەت رێگا نادات لەم هەرێمەدا(واتە ناوچەی کوردان) سەرمایەدارانی کورد سەرمایەکانیان بە گەڕبخەن. بێگومان پێویستە بە فراوانی باس لەم رەوشە بکرێت، مرۆڤ دەتوانێت بڵێت بۆرژوازی کورد هەیە، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت باس لە چینی بۆرژوازی کورد بکات. من مەبەستم لە بۆرژوازی کورد ئەوەیە، کە بتوانن لەو هەرێمەدا کار بکەن و بەرهەمیان هەبێت و بەرهەمێنەری پێداویستەکانی ئەو ناوچەیە بن، هەرچەندە لە ناوچەی کوردان کارکردن و بەرهەمهێنان ئاستەنگی زۆری لەبەردەمدایە. بۆ نموونە لەم رەوشە دژوارەوە ئەگەر (١٠-١٢) سەرمایەداری کورد بێنە لای یەکتری و کۆمپانیایەک دابمەزرێنێن و لە ناوچەکانی وەکو دیاربەکر، ماردین، وان، سێرت، باتمان کاری بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری ئەنجامبدەن. پێشبینی کردنی کارێکی بەمشێوەیە زۆر زەحمەتە لەبەر ئەمەش بەلایەنی کەمەوە دەوڵەت دەپرسێت:-

ئێوە(١٠-١٢)سەرمایەداری کورد بۆچی بەمشێوەیە دێنە لای یەکتری و بۆچی بەردەوام کۆ دەبنەوە، ئامانج و فیکری ئێوە چییە؟ ئێوە چی دەخوازن؟ سەرەتای لێپرسینەوە بەمشێوەیە دەستپێدەکات، دواتر لە بانکەکان قەرزدان بۆ ئەم بازرگانانە زەحمەت و گران دەبێت، هاوکات لەبەر ئەوەی لەلایەن دەوڵەتەوە سیاسەتی تواندنەوە (پاکتاوکردن) لە ناوچەکە بەرێوە دەچێت پێویستە ئەو بازرگانانە لە ماڵی خۆیان دانیشن یاخود شوێنەکە لە بنەڕەتەوە چۆڵبکەن.

لەم ناوچەیەدا دامەزراندنی دامەزراوەیەکی پیشەسازی دەبێتە مایەی مانەوەی هێزی کار لەم ناوچەیەدا و رێگای کۆچکردنیان بەرەو شار و رۆژئاوا لێبگیرێت.

رەوشی ئەو بۆرژوازە کوردانە لە بواری پاراستنی ماف و ئازادییە بنەرەتییەکانی کوردان و کردەوەکانیان لەم مژارەدا، مایەی چاودێریکردن و نرخاندنە.

بۆ بەرهەمهێنان بۆ ئەو بازرگانە کوردانەی لە شارەکانی رۆژئاوادا دەوڵەت کارئاسانی گەورەیان بۆ دەکات هانیان دەدات بۆ بەشداریکردن لەم قۆناغەدا، لە هەلومەرجێکی بەمشێوەیە سەرمایەکی زۆر بۆ بانکەکان پەیدا دەبێت.

تەڤگەری سەرمایەداری کورد و هێزی بازوو هەمیشە روویان لە شارەکانی رۆژئاوایە، لە هەرێمی کوردان لەگەڵ نەخستنە کاری سەرمایە، پێویستە بەردەوام چاوەڕێی ئەوە بن جارێکی تر بگەڕێنەوە ئەو هەرێمە، لەبەر ئەمەش هەمووکات کارەکانی ئاستەنگ دەکرێت هەڵبەتە ئەم بروبیانووانە بۆ هێزی بازوو و سەرمایەدارانی کورد شتێکی راستەقینە نییە.

لە ساڵانی ١٩٧٠ هەندێک لە هەڤاڵانی کورد دەیانگوت من مرۆڤێکی ئەنتەرناسیۆنالم، من منداڵەکەم ناو دەنێم (دەنیز، جەنگیز، ئاسلان) هاوکات لەبەر ئەوەی ناوی کوردی قەدەغە بوو، ناوی تورکی بە گوێرەی داخوازی و دەرفەتی دەوڵەت بوو، ئەو هەڵوێستە نیشانەی ئەنتەرناسیۆنالیستی ئەو کەسانە نەبوو، بەڵکو ئەو هەڵوێستە ئەوە نیشاندەدات کە ئەو مرۆڤانە بە مەبەست و داخوازی دەوڵەت رێککەوتوون، ئەو کەسانە هەوڵیانداوە بەمجۆرە هەڵوێستانە خۆیان بە چەکی ئەنتەرناسیۆنالیست بشارنەوە هاوکات پێویستە ئێمە تەڤگەری بازووی کورد و هێزی سەرمایەدارانی کە روویان لە مەترۆپۆلەکان و ولاتانی رۆژئاوایە بەمشێوەیە بنرخێنین و سەیریان بکەین.

جگە لەمانەش کۆمەڵەیەک لە بازرگانانی کورد هەیە، کە لە ئەوروپا خۆیان رێکخستووە، بۆچی ئەندامانی کۆمەڵەی بازرگانان ناتوانن بچنە تورکیا و لە هەرێمی کوردان کاری وەبەرهێنان بکەن. بە گشتی لە قۆناغی ١٥ ساڵەی شەڕ، سەرمایەداران بە نهێنی و بە ئاشکرا بە تەواوی روویان لە چۆڵکردنی ئەو هەرێمە کردووە، بەڵام ئێستا لە شارە کوردییەکان چەندین کۆمپانیای گەورە دەبینرێت، ئەمانە بە گشتی لە خزمەتی ئامانجی سەربازی کار دەکەن، بە کورتی لە شوێنی ئەوەی رێگایان مینرێژ بکرێت، قیرتاو دەکرێت. لە لایەکی ترەوە بە گوێرەی راپۆرتی بانکی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری تورکیا (TESEV) ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی ٢١ شاری رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا لە ئاستی هەژاری ولاتانی ئاسیای ناوین و ئەفریقیادایە.

**بەڵام لە کۆمەڵگایەکی لیوانلیوی گرفتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری بە بێ رۆشنبیر هیچ ناکرێت**

**دەوڵەت رێگا نادات لەم هەرێمەدا(واتە ناوچەی کوردان) سەرمایەدارانی کورد سەرمایەکانیان بە گەڕبخەن**

**بە گوێرەی راپۆرتی بانکی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری تورکیا (TESEV) ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی ٢١ شاری رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتی تورکیا لە ئاستی هەژاری ولاتانی ئاسیای ناوین و ئەفریقیادایە**